# تورکیا لە کوێی جەنگی ساردی نوێ دایە؟!

بە بڕوای زۆرێک لە مێژوونووسان هێرشی رووسیای فیدرال بۆ سەر جۆرجیا لە ٨ی ئابی ئەم ساڵ بە دەستپێکی ساتەوەختی سەرهەڵدانەوەی جەنگی سارد دادەنرێت لە نێوان رووسیای فیدرال و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لێدوانەکەی کوندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا هەست بە بوونی جەنگێکی لەو جۆرە دەکرێت، بە پێی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رووسیای فیدرال روو بە رووی سزایەکی توندی نێودەوڵەتی دەبێتەوە گەربێت و بەردەوام بێت لە سەر لەشکرکێشی و داگیرکاریی وولاتی جۆرجیای هاوسنووری کە بەم شێوەیەش پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وولات روو لە ئالۆزبوون دەکەن و کاریگەریەکی نێگەتیڤی دەبێت لە سەر ناوچەکە و بارودۆخی سیاسی جیهان بە گشتی. ئەگەرچی هێشتا ئەم جەنگە وەکو جەنگی سارد نەناسراوە و لە جەنگی ساردی پێشوو ناچێت کە تیایدا دیواری خۆرهەڵات رووخا و بەمەش یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە بەرامبەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەرەسی هێنا و چەند کۆمارێکی لێجیا بووەوە کە هەندێکیان ئێستا ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، بەڵام ئەم جارەیان رووسیای فیدرال بە تەنها لە گۆڕەپانی جەنگدا نابێت لە بەرامبەر وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە لایەکەوە پەیوەندیەکانی نێوان رووسیای فیدرال و کۆماری ئیسلامی ئێران بەهێزن لە رووی سیاسیەوە لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە قۆناغێکی مەترسیداردایە کە رۆژ بە رۆژ ئالۆزتر دەبن کە ئەمەش نیشانە ئاشکراکانی سەرهەڵدانی ئەو جەنگە نوێیەن . ئەم جەنگە نوێیە لە شێوە و هەیکەلدا هیچ جۆرە دژایەتیەکی ئایدۆلۆژی تیادا بە دی ناکرێت، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە کێبرکێیەک لە نێوان سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی و سیستەمی ئابووری سەرمایەداریدا نییە وەکو جەنگی ساردی پێشوو، بەڵام تاکە کاردانەوەیەکە دژ بە زلهێزێکی وەک ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

## تورکیا لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا

تورکیا لە رووی جوگرافی و کەلتوورییەوە سەر بە خۆرهەڵاتە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە سوورە لە سەر ئەوەی کە ببێتە بەشێک لە خۆرئاوا. هاوسۆزی خەڵکی ئەستەمبوڵ بۆ مەحمودی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە خەڵکی تورکیا خوازیارن ببنە بەشێک لە خۆرهەڵات بە تایبەتی لەدوای هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ کە تیایدا پارتی داد و گەشەپێدان زۆرینەیان بەدەست هێنا و دەسەڵاتی تورکیایان گرتەدەست، زۆرینەی خەڵکی تورکیا خوازیاری ئەوەوون کە تورکیا ببێتە بەشێک لە خۆرهەڵات و بەرەو بە پەیوەندیەکانی بدات لە گەڵ وولاتانی خۆرهەڵات دا.

لە راستیدا ئەم گەشەسەندنانەی پارتی داد و گەشەپێدان پرسیارگەلێکی گرنگ و کاریگەری هێناوەتە ئاراوە کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی تورکیا خوازیاری زانینی وەڵامی ئەو پرسیارانەن کە ئایا تورکیا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ ئایا تورکیا وەک ئەو شەمەندەفەرەیە کە بەرەو خۆرئاوا هەنگاو دەنێت لە کاتێکدا سەرنشینەکانی ئەو شەمەندەفەرە سووربوونی خۆیان نیشان دەدەن لەسەرئەوەی کە ببنە بەشێک لە خۆرهەڵات؟ یاخود، ئایا تورکیا لە هەوڵی دۆزینەوەی پێگەی خۆی دایە لە خۆرئاوادا، گەرنا چۆن وڵاتێکی وەک تورکیا ئامادەیە سازش لە کولتووری خۆرهەڵاتیی خۆی بکات تەنها بە خاتری ئەوەی کەبە ئەندام وەربگیرێت لە خۆرئاوادا کە مەبەست لێی بە ئەندام بوونیەتی لە یەکێتی ئەوروپا؟ هەروەها لە سەروو ئەمانەشەوە پێویستە هەڵوێستەیەک بۆ وەڵامی پرسیارێکی گرنگتر بکەین کە تەنانەت ئەگەر تورکیاش مەرامی ئەوە بێت کە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئایا وولاتانی ئەوروپا خوازیاری ئەوەن کە پێگەیەکی سیاسی بە تورکیا ببەخشن لە نێو یەکێتییەکەیان دا؟

## باشترین بەرژەوەندی ستراتیژی تورکیا

ئایا بە سەرهەڵدانی جەنگی ساردی نوێ تورکیا دەبێتە لایەنێک لە هاوپەیمانێتی کولتووری و سیاسی؟ یاخود، ئایا تورکیا دەبێتە لایەنێک لە هاوپەیمانێتییە سیاسی و ستراتیژییەکان؟ ئایا ناتۆ وگرووپەکانی خۆرئاوا لە رووی مەدەنی وسەربازییەوە دەتوانن چارەسەری سیاسیانە دابڕێژن بۆ نزیک کردنەوەی تورکیا لە وڵاتانی خۆرئاوا بە تایبەت وولاتانی ئەوروپا؟ یاخود، گرووپەکانی ئۆراسیا دەتوانن زیاتر نزیک ببنەوە لە خۆرهەڵات لە کاتێکدا تورکیا بە بێئاگایی هەوڵ دەدات بۆ بە ئەندام بوون لە خۆرئاوا؟

ئاشکرایە کە سەرکردە سیاسییەکانی ئێستای ئەوروپا پێویستە بە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی نێوان ئەوروپا و تورکیا بە هەند وەربگرن و بیکەنە خاڵی سەرەکی تەوەری گفتوگۆکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا.



**وەرگێڕانی: سەروەر**

**سەرچاوە:**
TURKISH DAILY NEWS

# ئەمریکاو ترسی داهاتوو

لەوەتەی ئەمریکا وەک هێزێکی گەورەی جیهانی خۆی نواندووە، ترسی داهاتووی لێنیشتووە. پشت بەستن بە نموونەکانی مێژوو، تێگەیشتووە دوای لوتکەی سەرکەوتن روو لە نشێو دەبێتەوە، بەوهۆیەوە پەلەیەتی و دەیەوێ بەخێرایی داهاتوویێکی دورتر مسۆگەر بکات، لەمەشدا نەک هەر هەڵەی کردووە، بەڵکو چارەنووسی خۆی بەرەو هەڵدێر بردووە.

سەرکردەکانی ئەمریکا، بەتایبەتیش جۆرج دەبلیو بووش زۆر هەرزەکارانە رەفتاری لەگەڵ رووداوو پێشهاتەکاندا کردووە، هەوڵی داوە بە ترس و تۆقاندن دەستەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتاندا بسەپێنێ، لەم سیاسەتەشیدا ناکام ماوەتەوە.

دوای رووخاندنی رژێمی عێراق، ترسی باڵا دەستی ئەمریکا زۆرێک لە وڵاتانی ناحەز بە ئەمریکای نەرم کرد. معەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا لە هەنگاوێکی چاوەڕون نەکراودا پاشەکشەی لە وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی کردو دەرگەی کارگەکانی بەڕووی پشکنەرانی نێودەوڵەتیدا کردەوە، بەوهۆیەشەوە بۆ سەر شانۆی جیهانی گەڕایەوە. هەریەکە لە کۆریای باکوورو کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە زمانێکی نەرمتر وەڵامی پرسیارو گومانەکانی ئەمریکایان دەدایەوە، بەڵام لەوەتەی ئەمریکا بەدەست کێشەی ئەفغانستان و عێراق گیری خواردووە، ئیدی هێدی هێدی ترسی تەکانەیی ئەمریکا بەرەو رەوینەوە دەچێ. ئێستا نەک کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لیبیا و کۆریای باکووریش هەستی لاملی کردنیان لەبەرانبەر ئەمریکادا لی زیندوو بۆتەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک پێشبینی دەکرێ، بۆ ئەوە هاتۆتە عێراق تا لێی دابکۆتێ و نەگەڕێتەوە، بەڵام لەوەتەی بەدەست گروپە چەکدارەکانەوە گورزی پێدەکەوێ، بیر لە گەڕانەوە دەکاتەوە، تەنانەت هێشتنەوەو گێڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا کێبەرکێی لەسەر دەکرێ.

کاتێک کە هێزەکانی ئەمریکا رژێمی سەدامیان رووخاند، چاودێران پێیانوابوو کە ئیدی هیچ رژێمێکی دیکە ناتوانێ لاملی لەگەڵ داخوازیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بکات، بەڵام ئێستا هەستی دژە ئەمریکایی لەنێو گەلانی جیهاندا، تەنانەت لەنێو ئەوروپاییەکانیشدا لە پەرەسەندن دایە. ئەمریکا نەیتوانیوە کە هاوسەنگی لەنێوان واقیع و خواستی داهاتوودا رابگرێ، بەوهۆیەشەوە بێ بەرنامەو بەبێ رەزامەندی حکومەتی پاکستان هێرشی ئاسمانی دەکاتە سەر ئەو شوێنانەی پاکستان کە گوایە چەکدارانی رێکخراوی ئەلقاعیدەو تالیبان خۆیان تێدا حەشار داوە، هەندێ جار خەڵکی سڤیل و لاشەر زیانیان بەرکەوتووە، تەنانەت لە هێرشکردنە سەر گوندێکی سوریا کورتی هێنا، نەک نەیتوانی حکومەتی دیمەشق بترسێنێ، بەڵکو هەستی ناحەزی و دوژمنایەتی و رقی تۆڵەکردنەوەی لەلای سوریەکان بەهێز کرد، ئەمەش بەزانی خۆی تەواو بوو، ترس لە داتووی گەورتر بۆتەوە.

**قاسم کەرکوکی**

# سیستەمی خوێندن و عەقڵیەتی دواکەوتوو



نەخوێندەواری و نەبوونی رۆشنبیری زانستی هۆیەکی سەرەکیە بۆ بڵاوبوونەوەو بەردەوامبوونی عەقڵی خورافی و زەینی دواکەوتوو لەناو کۆمەڵگەدا. بێگومان پێشکەوتنی هزرو هۆش هاوکات دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی ئستی خوێندەواری و رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە رێژەی نەخوێندەواری زۆر کەمەو خوێندەواری زۆر بڵاوبۆتەوە، کەچی عەقڵیەتی خورافی و دواکەوتوو هەر بەردەوامە! تەنانەت لای ئەو توێژانەی گەیشتونەتە ئاستێکی باڵا لە خوێندندا و بە روونی هەست بەوە دەرێت ە خورافەو نەزانین تاکو ئێستاش لە ناخ و دەروونی مرۆڤی کورددا دەژی و ئامادەگی هەیە و کاردەکاتە سەر کارو رەفتارو روانینی بۆ کێشەو کاروباری ژیانی، تەنانەت کێشەو مەسەلە گرنگەکانی ژیانیش. هۆکاری ئەم جۆرە هزرو عەقڵیەتە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرو سیستەمی خوێندن، وا دیارە خوێندن و فێرگەکان نەیانتوانیوە کەسایەتی مرۆڤ دروست بکەن و کاریگەریان لەسەر گۆڕانی زەین و هۆشی فێرخوازدا هەبێت. بۆیە خوێندنی فێرگەکان تەنیا توێژاڵێکی دەرەکی و رووکەشی پێکهێناوە، کە لە کاتی تەنگژەو قەیرانەکاندا، دەڕووخێت و کەسایەتیەکە دەگەڕێتەوە بۆ دیدو روانینە خورافیەکان، واتە زانستەکە تەنیا بەرگ و توێژاڵێکی دەرەکییە.

زانست تاکو ئێستاش لە مومارەسەکردنی (پیادەکردنی) زۆربەی خوێندەوارەکاندا بریتیە لە کراس یا بەرگێک لە کاتی وانەبێژیدا یان لە ناو تاقیگەی زانستیدا لەبەری دەکات و لەکاتەکانی دیکەدا لەبەری دەکاتەوە.

واتە جۆرە دوو فاقیەک لە کەسایەتی دواکەوتوودا هەیە، لەنێوان رۆڵی خوێندن و رۆڵی بەجێهێنانی ئەرکەکانی ژیانی رۆژانە، لەژیانی رۆژانەدا دەبینین کە نەزانین و خورافەت و روانینی دواکەوتوو بەرانبەر بوون و ژیان باوە، کەچی لەبۆنەو کۆڕە زانستیەکاندا لەمەیدان و پانتایی زانستیدا دەفرێت. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە زۆرن، لەوانە ئەگەر مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە لەژێر کاریگەری دایکێکی نەخوێندەواردابێ، دایکەکەش بەهۆی بارودۆخە داتەپیوەکەی ناو کۆمەڵگە زۆر بە توندی هزری خورافی کاری تێدەکات و باوەڕبوون بە هەندێک شتی نازانستی و نا واقیعی وەک (جنۆکە، شەیتان، جادوگەری،...) زاڵە بەسەر دایکەکەدا.

مەترسیەکە لەوەدایە کە ئەو باوەڕوهزر خورافیانە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکەی، تەنیا دایک ئەو بیروباوەڕانە لەنێو مێشکی منداڵدا ناڕوێنێت، بەڵکو ژینگەو چوارچێوەی گشتی منداڵەکە بەشدارن لە رواندنی ئەو باوەڕە خورافیانە، چونکە ئەو ژینگە خورافیە لەگەڵ خۆیدا بۆ فێرگە دەبات، فێرگەش بەو سیستەم و پرۆگرامەی خوێندن ناتوانێ ئەو باوەڕانە لەمێشکی ئەو فێرخوازە لاببات و رەشی بکاتەوە، بۆیە زانیار بە دەرخی و تەلقینکراوەکان تێکەڵی هزرە خورافیەکان دەبێت یان دەبێتە بەرگی دەرەوەی هزرەکانی، ئەم بارودۆخەش بە هیچ شێوەیەک یارمەتیدەر نییە بۆ وەرگرتنی عەقڵیەتی زانستی، تاکو ئێستا خوێندن بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا روکەش و ساکارە، بەتایبەتی رێگەکانی وانە گوتنەوەو فێرکردن، کە ئێستاش تەلقینیە و یەک ئاراستەی هەیە، مامۆستا هەموو شتێکە و هەموو شتێک دەزانێ و رۆڵی چالاکە لەناو پۆلدا، کەچی فێرخواز هیچ نازانێ و رۆڵی ناکاریە، ساردو سستە و کەم بەشدار دەبێت لە گفتوگۆدا، هزرو مێشکی بەکار ناهێنێت لەو وانەو بابەتانەی کە وەریگرتووە یان تەلقینی کردووە.

بێگومان ئەم شێوازو رێبازی خوێندن و فێرکردنە ناتوانێت وا لە فێرخواز بکات کە ببێتە خاوەن هزرێکی رەخنەگرو زانستیانە و بیرکردنەوەیەکی زانستی لە لا دروست نابێ. ئەم جۆرە سیستەم و شێوازەی خوێندن بەرپرسە لە بەردەوامبوونی عەقڵیەتی دواکەوتوو.

**محەمەد سلێمان**

# ئەزموونی پێنج ساڵی دوای بەعس چیمان پێدەڵێ؟!

ئەگەر رووخاندنی رژێمی بەعس دەروازەیەکی ئومێدبەخشی بە رووی کوردسیانیاندا کردبێتەوە، ئەوە ئەزموونی پێنج ساڵی دوای ئەو رژێمە نەگریسە وانەیەکی دیکەمان فێر دەکات و لێمان دەخوازێ کە پلانڕێژی بۆ داهاتوو بکەین و چیتر خۆمان بە گورسی عێراقچێتیەوە نەخنکێنین.

رژێمی سەدام وێڕای ئەوەی کە دیکتاتۆرو ملهوڕو کوردکوژ بوو، بەڵام بۆ ئەمری واقیع ملی کەچ دەکرد، هەر ئەمەش بوو کە وای لێکردبوو ئامادەیی خۆی بۆ جیابوونەوەی کوردستان بەم سنوورەی ئێستایەوە پێشان بدات، تەنانەت ئەو هێڵە شینەی کە ئێستا مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی دەکێشێ، لەلای سەدامی دیکتاتۆر قابیلی بەرفراوانکردن ودرێژ کردنەوەبوو، کەچی حکومەتی ئێستای عێراق لە کاتێکدا کە سەرکۆمارو جێگرانی سەرۆکوەزیرو سەرۆکی پەرلەمان کوردن، کەچی هێڵی شین و سەوزمان بۆ دەکێشێ، پرسیارەکە ئەمەیە: 'حکومەتی بەغداد هێشتا خۆی دانەکوتاوە، هێزی سەربازی راهێنراوو سوپایێکی پڕچەکی نیە، چاو سوور دەکاتەوەو هەڕەشە دەکات، باشە ئەگەر سوپایێکی لە وێنەی سوپای بەعس دروست بکات، چۆن رەفتارمان لەگەڵ دا دەکات؟!'

سەردەمی پێشوو دەستەڵاتی عێراق لەلایەن تاک حزبەوە کۆنترۆڵ کرابوو، دەستەڵاتێکی گشتگیرو هەمەلایەنە بوو، کەچی ئێستا ناوەند وەکو جاران پڕ تواناو پڕ دەستەڵات نیە، ئێستا سیستەمی فیدراڵی بڕیاری لەسەر دراوە، کەچی سەرۆک وەزیران و هاوکارەکانی هەر بە ژیری و لۆژیکی سەردەمی پێشوو رەفتار دەکەن و فەرمان دەدەن.

رژێمی بەعس چوونکە گشتگیر بوو، دەستەڵاتی خۆی لەگەڵ هیچ هەرێم و پارێزگایەک دابەش نەکردبوو، بەوهۆیەوە دەیتوانی لە زاخۆوە تا فاو لە دەستی خۆیدا چڕ بکاتەوە، بەڵام حکومەتەکەی مالکی هێشتا لاوازەو توانای کۆنترۆڵکردنی شاری بەغدادی نیە کەچی هەوڵ دەدات لەژێر ناوی ئەسنادەوە هۆزەکامی کوردستان ناونووس بکات و پڕ چەکیان بکات، هەڵبەت ئەمەش زیندووکردنەوەی سیستەمی جاشایەتیەو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا یەکناگرێتەوە. دیسانەوە پرسیارێک یەخەمان دەگرێ: 'ئایا حکومەتی عێراق لەپێناو چێ و بۆ چ ئامانجێک هێزی ئەسناد دروست دەکات و هۆزەکان پڕ چەک دەکات؟!'

زۆر جاران دوپات کراوەتەوە کە ئەگەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کابینەکەی نوری مالکیدا پاشەکشە بکات، ئیدی کابینەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەی باشە لاملی کردنی مالکی لەگەڵ دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟!

رژێمی بەعس کاتێک گوندەکانی کوردستانی وێران دەکرد، دانیشتووانەکەی بۆ ئۆردوگە زۆرە ملێکان دەگوازتەوە، لە هەندێک باریشدا هاوکاری دەکردن و قەرەبووی دەکردنەوە، باشمان لەبیرە کاتێک لە ساڵی ١٩٧٦ گوندەکانی سەر سنووری تێکداو دانیشتووانەکەی بۆ شارەکان راگوێزا، قەرەبووی کردنەوە، بەو پارەیەی کە وەریانگرت دەیانتوانی ژیانێک باش پێکبهێنن، هەروەها ساڵی ١٩٨٧ کاتێک گوندەکانی خاپور کردو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگەکان گواستەوە، زەوی پێدان و پارەی بۆ تەرخان کردن، بەڵام ئێستا حکومەتەکەی نوری مالکی ئامادە نیە قەرەبووی ئەو ئاوارانەش بکات کە بەهۆی شەڕی نێوەخۆوە زێدو ماڵی خۆیان جێهێشتووە، تەنانەت ئامادە نیە هاوکاری پێویست لەگەڵ ئەو بنەماڵە مەسیحیانە بکات کە لەم دواییانەدا بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوێ ئەو سەربازگەو شوێنانەش لە ئاوارەکانی شاری کەرکوک وەربگرێتەوە کە ئێستا لە ناچاری و بە کولە مەرگی تێیدا گیرساونەتەوە، ئەی باشە چاوەڕوانی چی لە حکومەتی ئێستای بەغداد دەکرێ؟!

ئەگەر جاران یەک حزبی دیکتاتۆر حوکمی عێڕاقی دەکردو هەوڵی لەنێو بردنی نەتەوەی کوردی دەدا، ئەوە ئێستا کەسانی دەمارگیر لەنێو پەرلەمانی عێراق دا بە ئاشکرا دژایەتی نەتەوەی کورد دەکەن و دەیانەوێ خراپەکاریەکان لەملی کوردستانیان رابکەن، دەی کەواتە چێ گۆڕاوە؟!

**هەرێم عەباس**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com